www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:15 30-5-2006

## ئێمە ئاڵای عێراق تا دروست کردنی ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق دەهێڵینەوە ... عومەر ب مەریوان

کاتێک کە ویستم ئەم بابەتە بنوسم زۆرم بیر کردەوە کە چۆن دەستی پێ بکەم. یەکەم وشەیەک کە بە کاری دەهێنم دەبێ چی بێت یا چۆن وشەکان بخەمە پەنای یەکتر تا وەکو رەستەی سەرەتایی وتارەکەم پێک بهێنم. ئیستە لە خۆتان دەپرسن کە ئەبێ چی بنوسێ کە ئاوەها گیری کردوە بۆ وشە کە چۆن بابەتەکەی دەست پێ بکا، بە هەر حاڵ دێمە سەر باسەکەم.
زۆر جار کە لەگەل برادەران کۆ بوینەتەوەو لە سەر کوردستان و حیزبە کوردستانیەکان و بەتایبەت باشوری کوردستان کە ئەمرۆ بە ناو ئازادە و کورد حوکمی دەکا! قسە مان کردووە. و هەمو کاتیش ئەمە قسەم بوە کە کورد ئەبێ یەک بێت و بە چاوێ رێز سەیری هەمو حیزبەکانی کوردستان بکرێت و بە ستایشەوە باس لە خەبات و قوربانی دانیان بکرێت. چونکو هەمویان بۆ سەربەرزی کورد و کوردستان خەباتیان کردوە هەمویان یەک ئامانجیان هەیە.
پێیان دەگوتم ئەی ئەوە نەبو دیمۆکرات و کۆمەڵە سوکایەتیان بە یەک کرد و براکوژیان رێک خست و نەیان هێشت رۆژهەلاتی کوردستان سەر بە خۆ بێت، منێش ولامم ئەدانەوە کە ئەمە هەلەیەک بو کە لەو سەردەمەدا کردیان پەنا بە خوا ئیتر ئەوە دوپات نابێتەوە. وتیان ئەی براکوژیەکانی پارتی و یەکیەتی چی، ولامم ئەدانەوە کە ئەمەیش هەر وەها. باسیان لە بردنی هێزی ئیران لە لایەن حیزبەکانی باشور بۆ سەر دیموکرات کرد. بەهەمان شێوە ولامم ئەدانەوە. باس لە پ ک ک و شەریان لە گەل حیزبەکانی تری کوردستان دەکرد بەلام من هەلۆیستم نەدەگۆرا. وەهەزاران شتی گەورەو بچوکی تر کە هیچ کامیان نەیتوانی لە سەر من کاریگەری هەبێت و هەلۆیستەکانم بگۆرێ، چونکو من تە نیا رێگای ئازادی کوردستان لە یەک بون بە بێ جیاوازی لە نێوان رەنگەکان و سنورە دەست کردەکاندا دەبینم. لە نێو ئەم هەمو گرفتانە ئەم هەمو بەیەکا هەلچونانە ئەم هەمو کردەوە ناشیرینانە دا هەوالێکم بینی لە kurdistan online کە بە راستی دنیای لە بەر چاوم تاریک کرد. هەوالێکی زۆر دلتەزێن کە نازانم بە چ وشەیەک وەسفی ناوە رۆکی پیس و دژ بە کوردستان و هەمو ئەو مێژوە پرشنگ دارەدایە کە سالە های سالە کورد لە پێناویا دەکوژرێت و دەر بە دەر و مالوێران دەبێت. باوەرتان بێت لە وە ئەچێ زیاتر لە دە جار خوێندومەتەوە کە بەشکو درۆ بێت و من بە هەلە خەریکم دەیخوێنمەوە. بە لام بە داخەوە کە ئەوەی بینی بوم راست بو. لە هەوالەکەدا وا هاتوە کە سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان فەرمویەتی: ئێمە ئالای عێراق تا دروست کردنی ئالایەکی نوێ بۆ عێراق دەهێلینەوە. لەمەش دلتەزێنتر ئە وەیە کە جەنابی دەفەرموێت: لە بەر ئەوەی کە خەلکی سلێمانی و دەوروبەری خوازیاری ئەمەن ئێمەش ئاوا بریار مان داوە. من لە ئێوە دەپرسم؟ ئالەم حالەتەیشدا من نابی هەلۆێستم بگۆرم. من نابێ قیز بکەم لە ناوی کوردستان لە شەهید، لە پێشمەرگە، لە هەلەبجە، لە ئەنفال، لە یەکبون، لە سنور، لە هەر شتێک کە بۆنی کورد و کوردایەتی بدات. شارێک کە بە درێژایی مێژو خەریکی خەبات و خوێن دان بو ئیستە خوازیاری هەلکرانی ئالایەکە کە لە سێبەری رەشی ئەو پەرۆ بۆگەنەدا هەزاران شەهیدیان داوە. بە سەدان کچی ئەم خاکە لە ژێر ئەو ئالا پیرۆزەدا! کراون بە ژن. بە هەزاران ژن و منال بێ باوک و مێرد بون. بە سەدان گوند خاپور بون، هەزاران مرۆڤ بە زینویی کران بە ژێر خاکەوە، پێنج هەزار باوک و دایک و منالی کورد لە چرکەیەکدا بون بە رەمزێک بۆ خەباتی کوردوستان، بە هەزاران پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان خوێنیان رژا لە بەر ئە وەی ئەم پەرۆ بۆگەنە لە سەر خاکی کوردستان ریشەکێش بکرێت، بۆ ئەوەی کە ئیتر دایکیان نەبینن کە بە رۆلەرۆ بێت بە پێشوازی مندالە کوژراوەکانیانەوە، بەلام.... . !. کیمیا بارانکراوەکانی هەلەبجەی شەهید، ئەنفالکراوەکان، شەهیدانی رێگای شەرەف و غیرەت، کەس و کاری

ئەنفال كراوەكان و شەهیدان، ئاوارەكانی هەمو كوردستان، تێكۆشەران و هەمو خەم خۆرانی كوردستان، وەرن هەموتان پێكەوە شین بگێرن. وەرن لە شەقامەكانی سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی هەناسەیەک هەڵ بكێشن بۆنی ئەنفال دێت، بۆنی كیمیایی، دێت بۆنی خوێنی شەهیدان دێت، تۆزێک گوێتان بكەنەوە با ببیسن دەنگی رۆڵە رۆی دایكەكانتان، با ببیسن دەنگی بێ دەنگی ئەو خەڵكە كە چۆن بێ دەنگن سەبارەت بە ئەم هەمو سوكایەتیانە كە بە ئێوە دەكرێت، تۆزێک سەر تان هەڵبڕن، سەیری پەرۆ بۆگەنەكەی بەعپ بكەن كە چۆن لە ئاسمانی ئەم شارەدا دە شەكێتەوە.

سەرۆكی هەرێمی كوردستان، سەرۆكی حكومەتی كوردستان، پارلەمانی كوردستان، هەمو نوسەران و رۆشنبیران و كەسایەتی سیاسی و مامۆستایانی ئایینی، سەر جەم پێشمەرگەكان و بە تایبەت خەڵكی دانیشتوی شاری قارەمانی سلێمانی ودەورو بەری، پێشمەرگە قارەمانەكانی یەكیەتی نیشتمانی رێ مەدەن كە خەبات و قوربانیدانتان بروات ژێر پرسیاری مێژوەوە، داواتان لێ دەكەم هەر هەموتان بە یەک دەنگ دژ بەم كردەوە قیزن و نا شیرینە هەڵوێست بگرن و بە زوترین كات ئەم كارە دژ بە كورد و كوردستان و سەرجەم شەهیدانی ئەم رێگایە ریسوای بكەن، با شەهیدەكانمان لە ناو گۆرە كانیاندا تف مان لێ نەكەن و مێژویش بە رق و كینە وە لە سەر مان نەنوسێت.

2006/05/30

Kurdlove66@yahoo. com